United Nations | Nations Unies

headquarters • siege New York, NY 10017
tel.: 1 (212) 963.3784 • fax: 1 (212) 963.0077

Office of the Secretary-General's Envoy on Youth

# رۆژی جیهانیی گەنجان بۆ ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەنجان لە عیراق یادی کرایەوە

**١٢ی ئابی ٢٠١٧- بەغدا، عیراق-** رۆژی جیهانیی گەنجان لە ساڵی ٢٠١٧دا لەژێر سەرباسی "گەنجان ئاشتی بنیات دەنێن" لەسەرتاسەری جیهان یادی دەکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش ئەمڕۆ چالاکییەکی تایبەت لە بەغدا لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان رێکخرا کە تیایدا نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەنجان، خاتو جایاسما ویکرامانایەکا ئامادە بوو. چالاکییەکە یەکەم ئەرکی نێونەتەوەیی "نێردەی" تازەبوو و یەکەم یادکردنەوەی رۆژی گەنجانی جیهانیشی بوو لەوەتەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێز ئەنتۆنیۆ گوتێرێس دەستبەکاربووە لەگەڵ پابەندبوونی بە دانانی گەنج لە چەقی کارنامەکەیدا لە پێناو پێشگرتن بە شەڕ و دابینکردنی ئاشتییەکی درێژخایەندا.

عیراق، وەك خاوەنی گەورەترین سەرمایەی گەنجی ژێر تەمەن ٢٥ ساڵە بەڕێژەی ٦٠٪ ، وا وێناکراوە کە بەشێوەیەکی ناوازانە توانیویەتی سوود لە وزەی گەنج ببینێت بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی، ئەگەرچی ڕووبەڕووی چەندان تەحەددی بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەحەددیەکان هێشتا ماون و وەک ئاستەنگێک لەبەردەم پەرەپێدان و ئاشتییدا دەمێنن ئەگەر سوود لە توانای گەنجان وەرنەگرن و ڕێخۆشکەرییان بۆ نەکرێ لە بوارەکانی پەروەردە و دامەزراندن و بەشداری پی کردنی مەدەنیانە.

چاڵاکیەکە بە هاوبەشی لەگەڵ نوسینگەی عیراقی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان رێکخرابوو و ببوە مایەی کۆکردنەوەی ١٠٠٠ گەنج لەسەرتاسەری عیراقەوە، هەر یەک لە بەڕێز عەبد ئەلحوسێن ئەبتان، وەزیری وەرزش و لاوانی عیراق و خاتوو لیز گراندێ، هەماهەنگکاری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان و جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ئامادە بوون.

لەوتەکەیدا لەچالاکییە نیشتمانییەکەی عیراق بەبۆنەی ئەو رۆژەوە، خاتو جایاسما وتی "ئەمڕۆ هەزاران ژن و پیاوی گەنج لێبڕوانە و بەزۆریش لە بارودۆخێکی دژوار و پێزانینێکی کەمدا کار دەکەن بۆ دروستکردنی ئاشتی و گەشەدان بە سەقامگیری بۆ هەمووان. ئەوان بەنرخترین هێزن کە بتوانین ئایندەیان لێ دروست کەین". هەروەها ئەو خاتوونە لە پەیامێك کە ئاراستەی گەنجانی کرد وتی "نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئێوەیە و منیش وەك نێردەی ئێوە چی لەدەستم بێت دەیکەم بۆ ئەوەی دەنگتان بگەیەنم".

بەڕێز ئەبتان داوای لە گەنجانی عیراقی کرد کە " ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ بەرەپێش بردنی عیراق و نیشاندانی وێنەی ئەرێنی عیراق بە هەموو جیهان".

خاتوو لیز گراندێ وتی : " لە ئێستادا کاری هەرە لەپێشینە لە عیراق بریتییە لە ئاشتەوایی. کلیلی سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ئاشتەواییش بەشداری پێ کردنی گەنجانە لە هەموو کۆبوونەوە و هەوڵ و دەسپێشخەریی و کۆنفرانسەکانی ئاشتەوایی".

بە بۆنەی رۆژی جیهانیی گەنجەوە، بەڕێز گوتێریس، لە راگەیاندنێکی ڤیدیۆییدا، وتی "من بە بەتواناکردن و بەشدارییپێکردنی گەنجانەوە لەسەرتاسەری جیهاندا پابەندم. ژن و پیاوی بەتوانا دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە پێشگرتن بە شەڕ و دابینکردنی ئاشتییەکی درێژخایەن ".

گەنجان لەسەرتاسەری جیهاندا کۆدەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە و هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگایانەی کە تێیاندا گەنج لە دروستکردنی ئاشتیدا بەشداری دەکەن.

لە کاتی بوونی لە بەغدا، خاتوو جایاسما لەگەڵ چەندان چین و توێژی جیاواز کۆبۆوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە کار لە گەنجی عیراق دەکەن لەگەڵ چەقی قورسایی لەسەر ژنانی گەنج و ئاوارە ناوخۆییەکان و ئەو گەنجانە کە نە لە کاردان و نە لە خوێندندان و نە لە ڕاهێنانیشدان. سەرباری ئەمەش، ئەو لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و بەرپرسانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق و یونامیش کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی دۆزینەوەی ڕێگای زیاتر بۆ بەهێزکردنی ئەو بەرنامانەی کە چەقی قورساییان لەسەر گەنجە.

هەروەها لە چالاکییەکەی بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە نیۆیۆرك خەڵك لەگەڵ بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریان کرد و ئەوەشیان نیشاندا کە گەنج چۆن دەتوانێت لە دروستکردنی ئاشتیدا بەشدار بێت.

**سەبارەت بە ڕۆژی گەنجان:**
ڕۆژی جیهانی گەنجان یادکردنەوەیەکە بۆ ئەو ژن و پیاوە گەنجانەی کە وەك هاوبەشکاری سەرەکین لە گەشەدان بە مافەکانی مرۆڤ. ئەم ڕۆژە هەموو ساڵێك لە ١٢ی مانگی ئابدا یادی دەکرێتەوە. سەرباسی ئەمساڵیش بریتییە لە "گەنج ئاشتی دروست دەکات". مەبەست لە یادکردنەوە گەشەدانە بەو ژن و پیاوە گەنجانەی کە بە دروستکەری ئاشتی ناوەزد دەکرێن کە شێلگیرانە کار دەکەن بۆ دروستکردنی ئاشتی و دابینکردنی سەقامگیری . سەرباسەکە بووەتە مایەی سەرنجڕاکێشانی زیاتر و بەرنامە و شێواز سەبارەت بە گەنج و ئاشتی و سەقامگیری بەگرتنەخۆی بڕیاری هەرە گرنگی ژمارە ٢٢٥٠ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە گەنج و ئاشتی و سەقامگیری کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥دا پەسندکرا.

**سەبارەت بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەنجان:**
خاتو جایاسمای تەمەن ٢٦ ساڵ وەك نێردەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ گەنجان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ دامەزرا. ئەو کار دەکات بۆ فراوانکردنی بەشداریی گەنجی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها داکۆکیکردنی لەبەر ڕۆشنایی چوار پایەدا کە ئەوانیش بریتین لە گەشەپێدانی درێژخایە و مافی مرۆڤ و ئاشتی و سەقامگیری و کارپێکردنی مرۆیی. ئەو هەروەها وەك نوێنەر و ڕاوێژکاری سکرتێری گشتیش کار دەکات. ئەو لە بنەڕەتدا خەڵکی سریلانکایە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بواری گەشەپێدانی گەنج و بەشدارییان کاری کردووە لەگەڵ بینینی ڕۆڵی سەرەکی لە گواستنەوەی کەرتی گەشەپێدانی گەنج لە وڵاتەکەی خۆیدا.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆژی جیهانیی گەنجان، تکایە سەردانی ئەم سایتە بکەن:
http://www.un.org/en/events/youthday/

بۆ پەیوەندی کردن:
نوسینگەی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری گەنجان
فرانسیس سیمسۆن-ئالن، ت.: ‎+١٢١٢٩٦٣١٧٣٠ یان ئیمێلی: simpsonallen@un.org
ئانیی ویڤەر، ت.: ‎+١٢١٢٩٦٣١٠٣٢ یان ئیمێلی: weaver@un.org

* * * *